# کەمپینی جیهانی دژ بەڕەشەکوژیی و بەرد بارانکردنی ژنان:

## دەبێت رۆژی کوژرانی دوعا بکرێتە رۆژێکی جیهانی دژ بە کوشتنی ناموسی

**ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی**

دوا بەدوای ڕوداوی کوشتنی (دوعا خەلیل)ی کچە کوردی ئێزدی بە بەردو بلۆك، لە زۆر ئاستی جۆر بەجۆردا کاردانەوە دروست بوو، لەو ڕاستایەدا (کەمپینی جیهانی دژ بەشە کوژیی و بەردبارانکردنی ژنان لە کوردستان) لەلایەن ژمارەیەك هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی ژنان و چەند نووسەرو رۆشنبیرێکەوە خۆی ڕاگەیاند و دەستی کرد بە کارکردن بۆ وەستانەوە بەرەو ڕووی کوشتنی ناموسیی لەکوردستان.

لەیەکەمین بەیاننامەی کەمپینەکە کە واژۆی شانزە کەسی لەسەرە وێڕای مەحکوم کردنی تاوانی کوشتنی دوعا، حکومەتی هەرێم و عێراقیان بەکەمتەرخەم لەقەڵەمداوە و لەبەیاننامەکەشدا هاتووە لایەنی دەسەڵات گوێی لەتاوانەکە خەواندووە.

ڕێکخەرانی کەمپین کە لەچەند ژن و پیاوێك پێکهاتوون لەسێ خاڵدا داوا و داخوازییەکانی خۆیان خستۆتەڕوو، کە بریتیین لەردەستگیرکردنی بکوژانی دوعا و لێپێچینەوە لە ژنکوژان و پاراستنی مافەکانی ژن بەپێی دەستوور.

هۆزان مەحمود-یەکێك لەڕێکخەرانی کەمپینەکە وتی: حکومەت بە بەرپرس دەزانین و دەمانەوێت ناچاری بکەین تاوانباران دەستگیر بکات و سزایان بدات، لە بارەی کاری کەمپینەکەیانەوە وتیشی: جگە لەهەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە لەدژی ئەو تاوانە ڕێگەی تری جۆراو جۆرمان گرتۆتەبەر بۆ ناساندنی تاوانەکەو دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات تا بکوژانی ژنان و دوعا بەتایبەتی بەتاوانبار حیساب بکات و چیتر ژنان بەبیانووی پاراستنی شەرەفەوە نەبنە خۆراکی مەرگ.

کەمپینەکە کە لەرۆژی 2007/4/26 دا خۆی ڕاگەیاندووە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات هەستاوە بەسازدانی کۆمەڵێك چالاکی جۆراوجۆر، وەك سازدانی کۆڕوسیمینار و پەیوەندیی کردن بەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، لەناوەوەی وڵات وێڕای تەسلیم کردنی یادداشتنامەیەك بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بەشدارییان لە خۆپیشاندانی رۆژی 2007/4/29 ژنان کرد بۆ بەردەم تەلاری پەرلەمانی کوردستان.

جگە لەمەش کەمپینەکە لەشارەکانی سلێمانیو هەولێر هەستاوە بەکۆکردنەوەی ئیمزا لە ئاستی نوخبەدا، دواتریش لەرۆژی 2007/5/3 بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵێك خوێندکاری گەنج کەمپین بەشداربووە لەئێوارە نمایشێکی هونەریی بۆ دوعا لەپارکی نالی شاری سلێمانی، نوێنەرانی کەمپینەکە جگە لە چالاکییە سەربەخۆکانی خۆیان وەك سەردانکردنی کرێکارە ئێزدییەکانی شاری سلێمانی، لەهەموو چالاکییەکانی تردا بەشداربوون، لەوانە لەمەراسیمی ئێوارەی رۆحی پەمەیی دوعا کە لەرۆژی 2007/5/10 لەسەکۆی ئازادی پارکی ئازادیی سلێمانی ئامادەکرابوو.

سەمیرە محەمەد-کە یەکێکە لە ئەندامانی ستافی کەمپینەکە لەناوەوەی وڵات دەربارەی چالاکییەکانیان دواو وتی: کاروچالاکی زۆرمان کردووە و بەبڕوای خۆم چالاکترین و کاراترین جوڵانەوە لەدۆزی کوشتنی دوعادا کەمپینەکەی ئێمە بوو، چونکە لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوە دەرەوە بەشێوەیەکی کارا ئیشمان کرد و رۆڵمان هەبوو لەدروستکردنی ڕای گشتییەکی فراوان لەسەر ئەم دۆزە، سەمیرە وتیشی: بەشێوەیەکی گشتی لەکارو چالاکییەکانماندا سەرکەوتوو بووین و بەردەوام ئامادەیمان هەبووە لەهەر چالاکیو مەراسیمێك کە بەو بۆنەیەوە سازدرابن و هەوڵیش دەدەین تاماوەیەکی زیاترو درێژتر کاربکەین بۆئەوەی بتوانین بەقورساییەکی کاریگەرەوە بچینە لای لایەنە پەیوەندیدارەکان و داخوازییەکانی خۆمانیان لەگەڵدا باس بکەین.

لەدەرەوەی وڵاتیش کەمپینەکە لەچەندین وڵات چالاکی جۆراو جۆری سازداوە، لەوانە سازدانی ئێوارەی ماتەمینی لەشاری لەندەن بەئامادەبوونی هۆزان مەحمود ڕێکخەری کەمپین. و ئێوارەی ماتەمینی لەدانیمارك بەئامادەبوونی گوڵزار عەلی نوێنەری کەمپینەکە لەو وڵاتە، لەگەڵ سازدانی چەندین چالاکی تری جیاواز لەناوچەو شوێنە جیاجیاکاندا.

هۆزان مەحمود لەبارەی کارەکانی داهاتووی کەمپینەوە وتی: ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین کە لەئاستی جیهانیدا رۆژی کوشتنی دوعا بکرێتە رۆژێکی نێونەتەوەیی لەدژی کوشتنی ناموسی، بۆئەو مەبەستە سەرقاڵی ئیمزا کۆکردنەوەین بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی زیاتر بۆ داواکانمان، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیمان کردووە بەژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا و رێکخراوە ناسراوەکانی جیهان.

جگە لەم کارە (هۆزان) باسی لەوەش کردووە زۆر کاری تر لە بەرنامەدایە و ئێستا لەنێوان خۆماندا لەقۆناغی ئاڵوگۆڕی بیروڕادایین لەسەری و وتی: یەکێك لەو کارانە کە دەمانەوێت ئەنجامی بدەین سازدانی ژمارەیەك خۆپیشاندانە لە ژمارەیەکی وڵاتی ئەوروپی و کیشوەری ئەمەریکا بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانی عێراق تا ئەوانیش هەوڵێستی خۆیان بەڕوونی دەربڕن چونکە تاوانەکە لەناوچەیەك ڕوویداوە کە لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی حکومەتی عێراقیدایە.

لەپاشدا وتی: دەمانەوێت لەکۆتایی ئەم مانگەدا هەستین بەچالاکییەکی تر کەزۆر تازەیە، ئەویش ئەوەیە لەهەندێ وڵاتی ئەوروپی و لەکوردستان حەڤدە گوڵەباخ وەك هێمایەك بۆ تەمەنی دوعا دەخەینە ئاوی ڕوبارێکەوە، ئەم چالاکییە لەکوردستانیش ساز دەدرێت و هاوڕێیانمان بۆ ئەو مەبەستە ئاوی سەرچناریان هەڵبژاردووە ئەم شتەش سەبارەت بەکوردستان تازەیە بەڵام لەوڵاتانی خۆرئاوا بوونی هەیە.

لەکوردستان کەمپین پلانێکی چڕوپڕی هەیە بۆ کارکردن لەئایندەدا تا گوشارێکی جیدیی دروست بکرێت لەسەر دەسەڵات و حکومەت لەمەڕ کێشەی دوعا.

لەوبارەوە (چرۆ سابیر) ئەندامی کەمپین لەناوەوەی وڵات وتی: لەمانگی داهاتوودا (هۆزان مەحمود) رێکخەری کەمپین سەردانی کوردستان دەکاتەوە و بەپلانێکی نوێ کاری زیاتر و فراوانتر دەکەین و ئەو ئیمزاو دیکۆمێنتانەشی لەبەردەستماندان یان کەمپین کۆیکردونەتەوە بەلایەنی پەیوەندیدار تەسلیم دەکرێت، چرۆ وتیشی – ئێستا لەکوردستان کەمپینێکی ژنان هەیە بەناوی کەمپینی یاسا کە زۆر چالاکی باشی کردووە و لەمانگی ڕابردوو دا بۆ مەسەلەی دوعا ڕێپێوانی سازدا بۆ بەردەم تەلاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

دەمانەوێت لەگەڵ ئەم کەمپینە تەنسیق بکەین بۆئەوەی کاری هاوبەش بکەین بە تایبەتی کە کەمپینی یاسا سەرقاڵی ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەکە بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی لەسەر ژنان، لە 2007/5/17 یش کەمپین بەشداریی کرد لە هەفتەی شەونخونی لەبەردەم پەرلەمان کە بەبۆنەی چلەی دوعاوە سازدرابوو.

دواجار هۆزان مەحمود – وتی: کاتێك گەڕامەوە بۆ کوردستان هەموو بەڵگە و دیکۆمێنتانە لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە کە لەدەرەوەی وڵات کۆمانکردۆتەوەو بەشێوەیەکی هەمەلایەنە کاردەکەین تاوەکو توانین دۆخێك دروست بکەین کە ژن کوشتن حاڵەتێکی ئاسایی نەبێت و یاسا قەدەغەی بکات.

Shamzini 79@hotmail.com